# کاریکاتێر وەک رەخنەی دامەزرێنەر



د. محەمەد عارف

بەشی بیست و دوو

لەگەڵ ئەوەی لەم زەمانەدا، رەخنەی رووخێنەر، بووەتە (نەخۆشییەکی جیهانی)، بەڵام رەخنەی دامەزرێنەر لایەنی مرۆڤایەتی و بەرگریی و نەمریی لەخۆ دەگرێ.. فەرموو یەکێک لە شاکارە کاریکاتێرەکانی باوکی هونەری کاریکاتێری ئەوروپا، هونەرمەندی فەرەنسیی مەزن (ئۆنۆرێ دۆمیێ)، کە لە ساڵی ١٨٣٤ دروستیکردووە، بە ناوی: (لە ژێر پەردەی دۆستایەتی ئێمە یەکتر تاڵان دەکەین).. گرووپی سەنتەریی، کۆڵەگەی کۆمپۆزیشنی تابلۆکەیە، کە ئەم (خۆشەویستی و دەستلەملانێ)یە، بەرجەستە دەکات، بەڵام ئەم (شانۆگەرییە).. مەبەست تاڵان و گیرفان بڕینە!؟ گرووپی راست و چەپ، تەواوکەری زەمینەکەیە جۆری جلک و بەرگ مۆدەی (سمۆکن) و ئەتیکێتی رواڵەتی و کڕنووشبردنی شانۆیی، کەسایەتییەکانمان بۆ ئاشکرا دەکەن، رەخنەی دامەزرێنەر بە مەبەستی نیشتمانپەروەریی (نەوەک بە مەبەستی سووکایەتی فرۆشتن) لە زەمینەی دیموکراتی راستەقینەدا، دەبێتە یەکێک لە هۆیەکانی پێشکەوتنی هونەر و رۆشنبیری و دامەزراندنی چێژی ئیستاتیکیی پایەبەرز، کە خواردەمەنی گیانی میللەتە.



دۆمیێ (لە ژێر پەردەی دۆستایەتی ئێمە یەکتر تاڵان دەکەین!!)

ئیستاتیکاو هونەر



أسماء الالوان / هونەر ٤٤٦ / الصفحة: ٤٦ / ٣/٦/٠٨ / 2:42 AM

# جورئەت لە گۆرانیدا

دیاری قەرەداغی



خۆ دەبێت لە پشتی گۆرانییەکەوە رووخساری جورئەتێک ببیندرێت، یان بەدەرکەوێت و هەستی پێبکرێت، سانابوونی گۆرانی ناکاتە ئەوەی بلێین هیچ پەیامێک و جورئەتێک تێیدا نەنەخشێت، سیمای جورئەتیش لە بەرهەمێکی هونەریدا پێویستی بە داهێنەرێکی جەریئە، واتە شتێکی کتوپڕو هەڵکەوت ئاسا نییە بەرێکەوت بێت و بەردەوام دووبارە بێتەوە، مەرجیش نییە کە گوترا جورئەت لە گۆرانییەکدا ئیتر بیرمان بچێت بۆ مەسەلە سیاسییەکان و باسکردنی ئەو فەزاو فەوزایەی کەلە ئەمڕۆماندا میللەتێکی پێدا رەت دەبێت، بەڵکو گۆرانی دەتوانێت لە هەموو گۆشەیەکەوە چاوە تیژەکانی خۆی بخاتە گەڕ بۆ بینین و وردکرنەوەی دیمەنەکان و باسکردن و رەخنەگرتن و چاککردنیشی..گۆشەکان و دیمەنەکان و رووداو و بەسەرهاتەکانی ئەم میللەتەش زۆرن گەر کەسی هونەرمەند زیرەک بێت لە شۆڕبوونەوە بۆ ناو ئەو رووداو و بەسەرهاتانە، گەربتوانێت بینینەکانی جیاواز تر بکات لە کەسانی ئاسایی و هەوڵ بدات شاراوەکان بهێنێتەوە زەین و دیدەی کۆی خەڵک ئەوا بە دڵنیاییەوە لە ئامێزی بەرهەمەکەیدا جورئەتی خیتابێکی باڵا دەبێت کە پێویستییەو دۆز و مەسەلەی چارەنووسسازی پێوە گرێدراوە.

گۆرانیی کوردی کەمتر توانای بەرجەستەکردنی ئەم حاڵەتەی هەیە، جۆرە مۆدێکە کەکەمتر ئازایی لە فیکر و جورئەت لە پێشنیار و رەخنە لە باوەکان و کلاسیکییەکانی تێدایە..

ئەو مۆدەش لەگۆرانیی کوردی وایکردووە کە تا مێژوویەک بەر لە ئێستا و هەندێجار ئێستاشی لەگەڵدا بێت ببنە ستانداردێک بۆ نەوەکانی دوای خۆیان و پێمانبڵێن لە دەرەوەی ئەم ستاندارە هەر چەشنە گۆرانییەک دروست دەبێت جێگای نیگەرانییە.

هەندێک لەو گۆرانییە سەرکەشانەی کە دیوێکی تاریکی ژیانیان رووناک کردەوە لە کۆمەڵگایەکی پارێزگاری وەک کورد جێگای بایەخ و سەرنجی من و زۆرێک لە پێشکەوتووخوازان بوون، گۆرانییەک بوون لە خۆڕا دروست نەبوون، بەڵکو پەرچە کرداری ئەو ستمە مێژوویی و کۆمەڵایەتییە بوون کە گەر دەیان رۆمان و شیعر و راڤەو تەفسیرێک بنووسرایە هێندەی ئەو دوو کۆپلە گۆرانییە کاریگەریی راستەوخۆی نەدەبوو لەسەر کۆمەڵ و کۆمەڵگا..

ئەو دەمەی گۆرانیی (پەچەکەت لادە) گوترا بەتەنها ویستێکی سێکسی نەبوو بۆ بینینی چیهرەو رووخساری یار، بەڵکو رۆشنکرنەوەی بارێکی کۆمەڵایەتی بوو لە رێگای نەغمەو سۆزێکی گۆرانی کە رژایە سەر دەمی گەورەو بچوک و خوێندەوار و نەخوێندەوار، پیر و گەنج و کوڕو کچان..

لە گۆرانییە میللی و فۆلکلۆرییەکاندا جگە لە هەندێک بەیت و بالۆرەی پڕ لە ژیان ویستی ، چەندین دێڕی ئازا و پڕ جورئەوت چڕاوە کە کۆمەڵگای بۆ ئیشکردن و کۆڵنەدان و نوچدان پەڵکێش کردووە، لە ساناترین نمونەش لایلایەی دایکی کوردە بۆ رۆڵەکەی..

بەشێکی دیکەش لە جۆری گۆرانی( مەنەلۆج)ە کە لێوەی دەیان دیاردەی ناسروشتی ناو کۆمەڵ و چەندین لایەنی نا تەندروست و پڕ خەوشی باس کردووە، کەدەکرێت بە جۆرێک لە جورئەت بۆ سەردەمی خۆی ناوزەد بکرێت.

ئەوەی جێگای سەرنجمە لەم باسەدا گێڕانەوەی ئەو رۆحە جەریئەو ئەو تاک و تەرا باسانەیە کە پێشتر کەم تا زۆر لەناو گۆرانییە کوردییەکاندا دەبیندرا..

ئاخر خۆ ناکرێت سەرجەم گۆرانیی کوردی کورت بکەینەوە بۆ یەک دیوی ئینسانی و بەیان و کەشفکردنی تاکە حاڵەتێک، لە دنیاشدا نەبووە هەموو باس و خواسەکانی گۆرانی بچوک بکرێتەوە بۆ غەزەل و عەشقێکی رووت، گرنگە لە رێگەی نەغمە جۆراو جۆرەکانی گۆرانییەوە پرسیارو گومانەکان لە شتە باو و تەقلیدی و کۆنەکان جێگای باس و گرنگیمان بێت بە شێوەیەک کە جورئەت پایەیەکی سەرەکی بێت و نەترسانەش جڵەوی هونەرمەند بەرەو مەسەلەکان ببات.

# سەلام کۆیی و شانۆگەریی تاوان



د.جەلیل ئازید

جــێگە- هۆڵی گــەل کــات شــەشی ئێــوارەی رۆژە٢٠٠٨/٥/١٧ تەنهــا پێنج دەقــە لایدا.. زۆر پێــــخــۆشـــحــــاڵ بووم بە دەقـــە و مەزبووتییەکایان... پاش سی ساڵ لە هەندەران و تاراوگەدا جارێکی دیکە دێمەوە کوردستان جارێکی دیکە پیرە هۆڵی گەل دەبینم و جارێکی دیکە شانۆگەری سەرکەوتوو دەبینم.. بەڵێ جارێکی دیکە سەلام کۆیی بەسەرکەوتووانە دەبینم. شانۆگەرییەکە جگە لە سەلام، نەوزاد رەمەزان و گۆڤار ئەنوەر و یونس عوسمان و کچە منداڵ شالور سەعدوڵڵا هەموویان بە بەهرەیەکی بەرزو بە ئیبداعێکی شانۆکاری جوان کارەکەیان بەسەرکەتووانە جێبەجێکرد.

لە هەندەران زۆرجار گوێمان لێدەبوو کەوا شانۆکاری سست بووە لە کوردستان، بەڵکو دەیانگوت نەماوە بەتایبەتی شانۆگەرییەکانی سەرشانۆ، بەڵام وەکو ئاماژەم بۆکرد بەڕاستی هونەرمەندی بەرزی شانۆمان هەیە.. وە ... وە... وە... ئیدیش هەنە.. بەڵام .. جارێکی دیکەش بەڵام.. وە بەداخەوە بن پێیان نییە واتە شانۆییان نییە جێگای دەربڕینی ئەو هەست و روحە و هونەرە جوانەیان نییە. جێگای پێشکەشکردنی شانۆکارییەکە وەکو گوتم: پیرە قاعەی شەعب بوو.. تۆزی هۆڵەکە تووشی رەبوت دەکات.. کورسییەکان... بەڵێ کورسییەکان.. شانۆگەری کۆمیدی بەشی یەکەم بوو، دەزانن لۆچی لەبەرئەوەی ئەو کەسانەی کە دەهاتن و دادەنیشتن ئەگەر ئاگایان لەخۆ نەبایە دەکەوتنە ناو کورسییەکی شکاو هەتا دەهات سمتیان بەعاردی دەکەت... کۆمیدییەی دووەم چەند کەسانێک کە لە دوامان دانیشتبوون پێش پێشکەکردنی شانۆکە، یەکێکیان گوتی: ئەرێ مەزرەعیەکە ناوی چییە.. قسەی عەنتیکەی دیکەش.. بەڵام با ئەوش بڵێم بەڕاستی جەماوەرەکی جوان و تێنووی شانۆگەری ئامادەبوو، چونکە کە شانۆگەرییەکە دەستپێکرد ئەو جەماوەر جوانە هەمووی بوو بەگوێ و چاو.. لە پرسیارکردن لەوانەی دەوروپشتم.. ئەو هۆڵەی کە هەزاران هونەرمەندی دروستکردووە.. هەزاران کۆنسێرت و بۆنەو شانۆو شتی جوانی پێشکەشکردووە هەزاران زکریاتی خۆش و ناخۆش و دڵتەزێن.. من بەش بەحاڵی خۆم بەدەیان سەدان زکرەیاتم هەیە لەو هۆڵە.. بەڵێ بیرەوەریم وەکو موزیکژەنێک.. تەنها بەڵکو وەکو نواندنیش بەڵێ لە شانۆگەری ئادابا کە لە دەرهێنانی هاشم زەینەل بوو من دەوری پیری مۆغانەکەم دەگێڕا.. لەچەند شانۆگەرێکی تەلعەت سامانیش دەورم هەبووە، یەک لە بیرەوەرییەکانم، لەو هۆڵە، لەساڵی حەفتاو نۆ لە دەستگرتنی ئەمنە عەفلەقییەکاندا رزگاریم بوو لە بۆنەیەکی موزیکدا، کە من وەکو کیبۆرنژەن بەشدار بووم، لە جیاتی من حەمە کۆییان گرت چونکی ئەمنەکان چەپو راستیان لێتێکچوو.. لەولاو لەولا هەر دووبارەم دەکردەوە ئەرێ لەبەرچی ئاورێک لەو هۆڵە نادەنەوە.. لەوەڵامێکی کەسانێکی هونەرمەند کە خۆشی پەرلەمانتار بوو و گوتی: جارێکیان ئێمە وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانتاران و پێمان راسپێردرا کە کەشفێک لەسەر ئەو چاک کردنانەوەودا بکەین، فەرمووی.. باوەڕ بکە ئەو رۆژ هەتا بلاجکتۆرەکان بە کرێ گیرابوون و پێشانی لیژنەکەیاندا.. من بیرم لەوە کردەوە باشە ئەگەر ئەو قاعەیە لەو وەزعە بێت ئەدی هیچ هۆڵی باش نییە لەو شارە بۆ پێشکەشکردنی شانۆگەرییەکی وا جوان.. بەڵێ بەڵێ دوو رۆژ پاش ئەو مناسەبەیە لە هۆڵی پێشەوادا داوەت کرابووین بۆ مناسەبەیەک بە وجودی دوو وەزیر.. زۆر حەزم دەکرد ئەو دوو وەزیرەش ئەو شانۆگەرییە بالاییەیان بدیباو برەکیش بۆ هۆڵی گەل بهاتبا خزمەتیان... ئای سەلام کۆیی ئەتو هونەرمەندی لە مەریخیش بی هونەرەکەت پێشکەشدەکەی... وە ئێمەی رەش و رووت هەر بەدوات دەکەوین و هەروەکو لە شانۆگەرییەکەی خۆت دەرتدەبڕی و دەتگوت هەیوان هەیوانە.. هەیوان هەوان نییە. مەدبەغ مەدبەغ.. مەدبەغ مەدبەغ نییە

.. ئەمنیش دەڵێم هۆڵی گەل هۆڵی گەلە.. هۆڵی گەل ئەوجا سەلام کۆییش سەلام کۆییە هەروا سەلام کۆیی سەلام کۆیی دەمێنێتەوە بەسەر بەرزی لە ولاتێکی ئازادا.

*** کۆلیژی هونەرە جوانەکان**

# سامان حوسێن .. سەلامەتییە



سوپاسی گشت دۆست و برادەران و کارمەندانی راگەیاندکارانی کوردستان کرد کە بە پەرۆشەوە لەگەڵی دابوون، چ لەکاتی ئەنجامدانی نەشتەرگەری، یان دوای دەرچوونی لە نەخۆشخانەو پەیمانی بە بینەرانی بەرنامەکەی دا کە بەزووترین کات و بەگوڕوتینێکی زۆرتر بگەڕێتەوە خزمەتیان.

پیرۆزبایی گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی لە سامان حوسێن دەکەین و بەهیوای دوا ئازارو ناخۆشی بێت و سەلامەتییە.

پاش دابڕانێکی ٣ مانگی لەشاشەی تەلەڤزیۆن، هاوکارمان سامان حوسێن کارمەندی سەتەلایتی کوردستان و پێشکەشکاری بەرنامەی زەنگ، دووبارە گەڕایەوە سەر کارو چاوەڕوان دەکرێ بەمزووانە هەر لە رێگای (زەنگ)ەوەو بەرنامەکە بەشێوازێکی نوێ ببێتەوە میوانی بینەرانی کوردستان تی ڤی.

جێی باسە، کە ناوبراو بەهۆی رووداوێکی هاتوچۆوە لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵ لەگەڵ چوار لە هاوکارانی کارمەندانی سەتەلایەتی کوردستان لەرێکەوتی ٢٠٠٨/٢/٢٧ لەسەر رێگای مەسیف سەلاحەدین-هەولێر، دووچاری شکانی قاچی بۆوەو بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانە کەوت و لە تەلەڤزیۆن دابڕا، خۆشبەختانە ئێستاکەش بەرەو چاکبوونەوە دەچێت.

لەئاخاوتنێکدا بۆ «هەرێمی کوردستان» پێشکەشکاری بەرنامەی زەنگ،



أسماء الألوان / هونەر ٤٤٦ / الصفحة: ٤٨ / ٣/٦/٠٨ / 2:42 AM

## هونەرمەند شێرزاد سەرسپی:

# لە هەموو کەس خەمخۆرترین بۆ نۆژەنکردنەوەی هۆڵی گەل



لەمەڕ هۆڵی گەل و کەموکورتییەکانی و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردن، بەڕێز هونەرمەند شێرزاد سەرسپی بەڕێوەبەری مۆسیقاو سەرپەرشتی کاری هۆڵەکە لە ئاخاوتنێک بۆ «هەرێمی کوردستان» ئەوەی روونکردەوە کەئەو هۆڵە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە و دەیان هونەرمەندی گەورە لە بواری شانۆ و مۆسیقا بەرهەمی خۆیان تێدا پێشکەش کردووە، شایانی ئەوەیە کە ببێ بە جوانترین باڵەخانە کە هونەری ئەم شارە دێرینە نیشان بدات، دیارە من لە رۆژی دەستبەکاربوونم لەو هۆڵە دەستمکرد بە نووسینی یاداشت بۆ وەزیری رۆشنبیری فەلەکەدین کاکەیی و خەمخۆرانە نووسراوەکەی بەرزکردۆتەوەو دواجار رۆژی ٢٠٠٧/٥/٢٦ ئەو گرفتە لەگەڵ بەڕێز مەدحەت مەندەلاوی وەزیری رۆشنبیری بەوەکالەت باس کراو ئەویش بەڵێنی داوە کە ئەو مەسەلەیە بگاتە ئەنجوومەنی وەزیران و هەوڵی خۆی بخاتە کار، هەروەها پێشتر بەڕێز پارێگاری هەولێر پێی ڕاگەیاندم کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی بەڵێنی داوە هەرسێ هۆڵەکەی نۆژەنکاتەوە کە بریتین لە هۆڵەکانی رۆشنبیری، گەل، میدیا، لە کۆتاییدا هونەرمەند شێرزاد سەرسپی گوتی: دیارە ئێمە زۆر خولیاو پەرۆشی ئەو مەسەلەین و هیوامان وایە کە هۆڵەکە سەرلەنوێ نۆژەنبکرێتەوە کە شایەستە بێ بەم شارەو قوربانییەکانی.

## رۆژگارێك



لە راستەوە: خوالێخۆشبوو/ هێمن موکریانی / هونەرمەند حەمە جەزا

هەولێر

١٩٧٨/٤/١٨

ئەرشیفی

جیهانبەخش کۆیی



دەستنووسی خۆشنووس گیلان کوردی

شیعری قانع/ جۆری خەت/ نەستەعلیق



أسماء الألوان / هونەر ٤٤٦ / الصفحة: ٤٩ / ٣/٦/٠٨ / 2:42 AM

## عەباس محەمەد:

# هیوام وایە هونەرمەندانی کورد چیتر لاسایی هونەری بێگانە نەکەنەوە

**سالآنێکی زۆرە گوێگری کورد بە دەنگە ناسک و پڕسۆزەکەی هونەرمەندی ناسراوی کورد عەباس محەمەد ئاشنایە، ئەگەرچی ژمارەی گۆرانییەکانی زۆر نین، بەڵام ڕەسەنایەتی و سەرکەوتوویی و سەلیقەجوانی لە ئەداکردنی گۆرانییەکانی، نەمریی بە هونەرەکەی داوەو وەک دەنگێکی تایبەت هێشتوویەتییەوە.**

**هونەرمەندی ناوبراو کەم دەردەکەوێ، بەڵام کە دەریشکەوت بە کاری جوان دەبێتە میوانمان هەروەک بەمدواییە ئەو گۆرانییە جوانەی بە دوو قۆڵی لەگەڵ خاتوو کیژانی کاک ئیبراهیم بۆ پێشەکی زنجیرە درامای جومعە چڕییان.**

**لە دەستپێکی ئەم بەسەرکردنەوەیە کورتەدا، تەقلیدییانە لێمان پرسی:**

**دیمانە: عەلی شێخانی**
**وێنە: فازڵ فەرامۆش**



*** ساڵی چەند لە دایک بوویت؟**
- ساڵی ١٩٤٥ لە شارەجوانەکەی کەرکووک.

*** چەند منداڵت هەیە؟**
- سێ منداڵ کە هەرسێکیان کوڕن بە ناوەکانی (کاروان - مۆسیقاژەنە، کامیار- مۆسیقاژەنە، کێوان - قوتابی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە).

***کەی یەکەم گۆرانیت چڕی؟**
- ساڵی ١٩٥٩ گۆرانیم بۆ یادی مۆڵەتدانی پارتی دیموکراتی کوردستان چڕی.

*** ئەدی دوای ئەوە؟**
- ساڵی ١٩٧٦ دوو گۆرانیم لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی تۆمارکرد، (جوانی سەرەڕێ) لە ئاوازی مامۆستا خالید دلێر و هەڵبەستی گۆران و ئامادەکردنی خالید سەرکاربوو، (وەی وەی جوانێ خوا بتکا بێ وەی)، لە هەمانکات بوو کە لە شیعرو ئاوازی مامۆستا خالید دلێربوو و مامۆستا خالید سەرکاریش ئامادەی کردبوو. دواتر سێ گۆرانی دیکەم لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی گوت لە ساڵی ١٩٨٠، کە ئەم گۆرانییانە بوون، (دەنگی بلوێر و نایە، خەوەخەیاڵە، دەنوێ دەنوێ) کە بە دووقۆڵی لەگەڵ فاتمەخان چڕیمان.

*** بەمدواییە بەرهەمی نوێتان هەبووە؟**
-ساڵی پار سی دییەکم بە ناوی ئازیزەکەم بڵاوبۆوە کە لە ٨ گۆرانی پێکهاتبوو.

***ئەدی بۆ ئەمساڵ؟**
- ئەگەر بارودۆخ بلوێ بە نیازم سی دییەکی تازە دەربکەم لەگەڵ چەند مەقامێک، یەکێک لە گۆرانییە تازەکەشم کراوە بە کلیپ بە ناوی (کەمەرەشل شۆخ و شەنگ و شاگوڵی ناو ئاهەنگ)، ئاوازەکەی فۆلکلۆرە و شیعری نەجم هۆگرە، هێمن حوسێنیش ئامادەی کردووە، هەروەها بە دەنگی ئێستاشم گۆرانیی (وەی وەیم) تازەکردۆتەوە لەگەڵ هونەرمەندانی مۆسیقاژەن، سەید ئەحمەد ڕەواندزی، هەڵبەست سەلاح، هێمن حوسێن، ڕەهێڵ جەمال و کۆمەڵێک هونەرمەندی دیکە و بە هاوکاریی کۆمپانیای چوارچرا.

***زانیبوومان ساڵانێک پێش ئێستا لە دەرەوە بوویت، ئێستاکەش لە کوردستان دەتبینین، ئایا بە یەکجاری گەڕایتەوە؟**
- بەڵێ بە یەکجاری گەڕاومەتەوە هاتوومەتەوە خزمەتی میللەتەکەم لە ڕێگەی هونەرەکەمەوە بکەم، خۆتان دەزانن هونەر و کارکردن بۆی، لە ئەوروپا زۆر زەحمەتە.

***بە نیاز نیت کۆنسێرت سازبدەیت بە تایبەتی بۆ عاشقانی دەنگت لە هەولێر؟**
- ئەگەر بسازێ و هاوکاری بکرێم بە تەئکید کۆنسێرت لە هەولێری خۆشەویست سازدەدەم.

*** ڕاسپاردە و ئامۆژگاریت بۆ هونەرمەندانی گەنج چییە؟**
- تکام وایە چیتر لاسایی هونەری بێگانە نەکەنەوە و بۆ گۆرانییەکانیشیان شیعری جوان هەڵبژێرن.



# قەڵەندەرخانەی هونەر



عوسمان محەمەد هەورامی

هەموو ناسین و ئاشنابوونێک، بۆنەو سەرەتایەک، یان بۆنەو بەسەرهات و رازێکی هەیە، سەرەتاو دەستپێکی ناسین و ئاشنابوون و ئاگاداریی منیش لە ئەزموونە هونەرییەکانی (کاکە کەمال هەژار)ی هونەرمەندو بەهرەمەند، دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی پانزە ساڵ لەمەوبەر- کاتێک چووم بۆ سەیری یەکێک لە پێشانگەکانی.. ئەوەبوو تابلۆکانی ئەوەندە جوان و رازاوەو رێکوپێکبوون، بەشێوەیەکی بەرچاو سەرنجی شەیدایانی هونەرو هونەر دۆستانیان راکێشابوو.. ئەو هونەرمەندە زادەی سروشتی کوردەواریی رەسەنەو، لەگەڵ کاروانی هونەری سەردەمیشدا، رۆژ بە رۆژ بەردەوامە، هەناسە بەهەناسە لەگەڵ هەردووکیاندا دەگەشێتەوەو، راستگۆیانە هەڵسوکەوت لەگەڵ بەهرەو سەرچاوەی ژینبەخشا دەکات.. ئەوەبوو هەر لەو پێشانگەیەداو لە دەفتەری تێبینی و سەرنجی میواناندا، بۆ یەکەمینجار ئەو چوارینەیەم پێشکەشکرد:

لەئەمرۆی سەختی کوردەواریدا
ئەگەر بەهرەمەند یەک بە دوو بکا
لەسای شاباشی وەک مرواریدا
دەبێ شای پاداشت بۆی بێ بەچۆکا

راستە کاکە کەمال هەژار بەرواڵەت هەژارە، ئەگینا ئەوێک ئەوەندە بەهرەمەندبێ و لەزۆر بواری هونەرا جێ پەنجەی دیار بێ و پەلی کارامەیی بهاوێژێ، خوا رێبەردار نییە نازناوی هەژار لەخۆی بنێ- لێرەدا جێی خۆیەتی بڵێم، ئەوەندەی ئاگادارېم نازناو هەژارەکانی بواری وشەی پیرۆزو هونەری گەشەدار، دەوڵەمەندی بێهاوتاو نەمری گۆڕەپانە فراوان و بەرینە نەمرەکەی خۆیانن و لەدڵی هەمواندا دەژین، دیارە هیچ سەرمایەدارو خاوەن پارەو پولێک، بەهیچ جۆرێک ناگاتە پلەو پایەی پیرۆزی هیچ نووسەرو هونەرمەندو هۆزانڤانێکی هاوڕاو هاورازو پێشەنگ و رابەری پاکژی گەل و خاکەکەی.. ساماندارو پوولەکی و چاوچنۆکەکان، هەر لەگەڵ لاربوونەوەیاندا، هەموو شوێنەوارو ناو و نیشانێکیان دەپووکێنەوەو، ناویشیان بەکۆڵەکەی ئاشارۆ دەچێ.. بەڵام ناوی خامە بە دەستیان و فڵچەو بۆیە بەدەستیان و هەموو ئاشقانی هونەری نەمرو رەسەن و سەنگین بەشکۆداری دەمێنێتەوەو، وێردی سەرزمانی هەمووانە، دیارە مشوورخۆرانی نەتەوە هەمیشە نەمرن، پیرەمێرد گوتەنی:( نامرن، ئەوانەوان بە دڵی میللەتا ئەژین).

سەرەڕای دەستڕەنگینییەکی جوان و بەرین لە هونەری شێوەکاریدا، کەمال هەژار خۆشنووس و جواننووسێکی زۆر بەتوانایەو، لەزۆر شوێنی سەرنجراکێشی شارەکەماندا (سلێمانی)، تابلۆ جوان و هەمە چەشنەکانی بەرچاو دەکەون.. هەر شەیداو ئارەزوومەندێکی جیهانە گەشاوەکەی هونەری شێوەکاری خەتی رەنگین- کە رێساو دەستوورەکان تیایاندا رەچاو بکرێن- سەر لەشوێنی کارکردنی ئەو هونەرمەندە بدات، وا هەستدەکات هۆی لە قەڵەندەرخانەیەکی ئەو سەردەمەدا دەبینێتەوە، کە هاوشێوەی قەڵەندەرخانەکەی پیرەمێردی نەمرە.. پیرەمێرد بە فەلسەفەو هۆنراوە بەرزەکانی و کۆڕی خۆش و دەمەتەقێنی هاودەم و دۆست و یاوەرانی گیانی بەگیانی، ئەویش بە تابلۆی رەنگدانەوەی دانایانی سەردەمە جیاجیاکانی کوردەواری، ئەو هونەرندە لە قەڵەندەرخانەیەکەیدا، لەسەر بەڕەیەکی خۆماڵی، چوار مشقی و هێور لێیدا دەنیشێ و، بەهەموو هەست و نەست و بوونیەوە دەڕوانێتە وێنەو پۆرتریت و پۆستەرە ئەفسووناوییەکانی زاناو داناو بیرمەندو شاعیرو نووسەرو سەرکردەو کەسێتییە ناودارەکانی ناخی مێژوومان.. هەر هەموویان لە کۆڕی قەڵەندەرخانەی ئەو سەردەمەدا ئامادەن و، رازی جوان و نەبڕاوەی گیانی بەگیانییان بەردەوامە.. ئەمیش، کە بەردەستی رەوانی پاکژی هەموویانە، پاش ژووانی کاریگەر لەگەڵ ئەندێشەو بۆچوونیاندا، نیگاری دڵ و دەروون و بوون و جیهانە رەنگاڵییەکەیانی کێشاوەو، بووەتە هاوڕازی ئەو کۆڕە مەزن و شکۆمەندە.. ئای، کە کۆڕی بەردەوام و گەرمەی رازو نیازی رەوانە شادەکان چەندە تین و وزەو چالاکیبەخشە!!..

منیش لە ئاست و حەننای خۆمەوە پڕشەو پڕشنگێکی شادیبەخشی ئەو قەڵەندەرخانەیەم بەرکەوتووەو سەودایەک لەسەرمایە.. لەناخی گیانیشمەوە، هەمیشەو بەردەوام دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە هونەرمەندو بەهرەمەند (کاکە کەماڵ هەژار) دەکەم..



أسماء الألوان / هونەر ٤٤٦ / الصفحة: ٥١ / ٣/٦/٠٨ / 2:42 AM

# هەناسەیەک بۆ درامای کوردی

ماوەیەکی دووره وەزارەتی رۆشنبیری دەرگای لە رووی بەرهەمهێنانی دراما داخاستووە، لە دەرەنجامی ئەو شکستە گەورەیەی لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی رابووردوودا دوچاری درامای کوردی ببوو، کە نەک هەر تەنها ببوو بە هۆکار بۆ بەهەدەرچوون و بە فیڕۆدانی پارەیەکی ئێجگار خەیاڵی، بگرە هۆکارێکیش بوون بۆ لەکەدارکردنی دارمای کوردی و پەروەردەکردنێکی ناڕاست و دروستی دراماکارەکانمان لەسەر رێچکەیەکی ناوازە، کە رەنگە ئەگەر بەردەوام بوایە پانتایی کاریگەری نەگەتیفانەی ئەو رێچکەیە زۆر لەوەندە زێتر تەشەنەی کردیە کە هەبوو، رەنگە بە پێچەوانەوە وەستانی بەرهەمهێنانە کە لە هەندێ سەرەوە لە بەردەوامبوونەکە بە قازانجتر هەڵکەوێتەوە لەبەر زۆر هۆ:

یەکەمیان: ئەم وێستگەیە دەرفەتێک خۆش دەکات بۆ دراما کارەکانی خۆمان کە پشوویەک بدەن و بە خۆیاندا بچنەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر لە ئایندەدا کاتێ قەستی هاتنە پێشەوەیان کردەوە، ئەمجارە بە دەسەڵاتێکی پتەوتر و مکۆمتر و بە خۆئامادەکردنێکی زێتر خۆیان پێشکەش بکەنەوە.

دووهەمیان: زۆر لە دراماکانی ئێمە هان دەدات کە روو لە کەرتی تایبەتی بکەن بۆ بەرهەمهێنان، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەمرۆکە کەرتی تایبەت بۆتە سەرچاوەیەکی زامنتر و مسۆگەرتر بۆ ئایندەی بەرهەمهێنانی فیلم و درامای کوردی، کە دەڵێم زامنتر مەبەستم ئەوەیە کە ناکرێت ئێمە تا ئەبەد هەر چاومان لە حکومەت بێت بۆ پشتگیریکردن و بەرهەمهێنانی فیلم و دراما، لە هیچ وڵاتێکی پێشکەوتووی جیهاندا حکومەت سەرچاوە نییە بۆ بەرهەمهێنان، بەڵکو کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتی پێشبڕکێ دەکەن بۆ گەشەپێدانی بازاڕی خۆیان، ئەم حاڵەتە کە لێیڕاهاتووین، زادەی زەمەنێکی دیکە بوون کە پیشەسازی و بازرگانی لەو ئاستەی ئێستادا نەبوو، کەرتی تایبەتی دەسەڵاتی بەرهەمهێنانی نەبوو ئەو هەموو کۆمپانیایانەش لە کوردستاندا نەبوون..

ئێستا لە کوردستاندا ژمارەیەک کۆمپانیای هونەریی باش هەن کە هەم ئامێر و بەرهەمی هونەریی چاکیان هەیە، هەمیش بازاڕێکی چاکن بۆ کڕین و فرۆشتنی بەرهەمی هونەری.

لەو چەند ساڵەی دواییدا ئەو کۆمپانیانە چەندین نموونەی جوانیان لە بەرهەمەکانی خۆیان پێشکەش بە کەناڵەکان کردووە، کە دەکرێت لە ئایندەدا جۆر و شێوازی ئەو بەرهەمانە بگۆڕدرێن بە شێوەیەکی باشتر، کە لەگەڵ خواستی بینەری کورد هاوکوف بن، ئەرکی دامودەزگاکانی ئێمەشە هانی ئەو کەرتە تایبەتیانە بدەین کە گەشە بە تواناکانیان بدەن، بە تایبەت لە بواری درامادا.

سێیەم: پەیڕەوکردنی سیاسەتی پشتبەستن بە کەرتی تایبەت، یاریدەی گەشەسەندنی بازاڕی دراما و سینەما دەدا لە کوردستاندا، کە بازاڕیش هەبوو، ئاستی ئەو بەرهەمانە دەبنە پێوەر بۆ خواستی کەناڵەکان، بۆیە ئەو کەرتانە هەموو دەسەڵاتێکی خۆیان دەخەنەگەڕ بۆ پەیداکردنی بازاڕێکی بە پێز، کە لە ئەنجامدا ئەو بەرهەمانە دەخرێتە بەرچاو کە لە ئاستی پێویست و بە خواستی بینەرن، نەک ئەو بەرهەمانەی کە بەسەر بینەردا فەرز دەکرێن، چونکە حکومەت پارەی پێداوە.

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە چ وەزارەت، چ کەناڵەکانی دیکە بەرهەمهێنانی فیلم یان دراما بە حەرام بزانن، نەخێر گرنگە ئەگەر ئەوانیش دەستپێشخەر بن بۆ هەڵبژاردنی باشترین بەرهەمی خۆیان، تا بتوانن لەگەڵ کەرتی تایبەتیدا یا لەگەڵ کەناڵەکانی دیکە کە بەرهەمی دانسقە ئامادە دەکەن، جۆرێک لە رکابەریی هونەری دروست بکەن، کە رەنگە ئەو رکابەرییە ئەگەر لەسەر ئاستی جۆری بەرهەمدا بێت بە قازانجی درامای کوردی هەڵکەوێتەوە، چونکە هەر کەناڵێک نەخشە و خواستی تایبەتی خۆی هەیە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە درامایانەی ئەو دەیەوێت رکابەریی خۆی پێبکات لە گۆڕەپانەکەدا.

ئێمە لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا چەند ئەزموونێکمان هەبووە لەم بارەیەوە، کە چەند کەناڵێکی ئاسمانی رکابەرییان کردووە لەسەر بەرهەمهێنانی جوانترین بەرهەم و لە دەرەنجامدا هەریەکەو لەو بەرهەمانە سەنگی تایبەتیی خۆیانیان هەبووە و شوێنی دیاری خۆیانیان هەبووە لە دیدی بینەران.

لەبەر ئەوەی ئێمە لە کوردستاندا سەرچاوەی زۆری بەرهەمهێنانمان هەیە بۆ دراما، لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەزموونی درامامان زێتر و بەرفرەوانتر دەبێت، بە تایبەت لە هەلومەرجێکی وەک ئەمڕۆ کە خەریکە بینەرێکی هۆشیاری دراما دروست دەبێت حوکمی تایبەتی خۆی هەیە بەسەر ئاستی ئەو درامایانە.



حەیدەر عەبدولڕەحمان



أسماء الألوان / هونەر ٤٤٦ / الصفحة: ٥٢ / ٣/٦/٠٨ / 2:42 AM

هونەرمەندی لاو (چیا ماملێ)، جگە لەوە کە کوڕی گەورەی هونەرمەندی کورد (محەمەدی ماملێ)یە و بە خانەوادە لە راژەگوزاری هونەری گەلەکەماندان و هەمیشە جێگەیان دیار و بەرچاوە لە بزاڤی هونەری رەسەنی کوردیدا، بۆ گۆرانی چڕین..
زۆربەی ئەندامانی ئەم خانەوادەیە دەنگ خۆشن رێچکەی ماملێی باوکیان گرتۆتە بەر و درێژەپێدەری رێبازی پیرۆزەکەی ئەون.
هەر بۆیە گەلەکەمان هەمیشە بە چاوی رێز و پێزانینەوە تێیان دەڕوانن.. چونکە ماملێی نەمر هەمیشە وەک قوتابخانەیەکی هونەری وابووە بۆ پێگەیاندنی هونەرمەندەکان چ لەم دیو چ لەو دیوی کوردستان. لە شاری سلێمانیدا ئەم هەڤپەیڤینەمان لەگەڵ هونەرمەند چیای ماملێ دا سازدا.

دیدار/ زانیار سەردار قرگەیی – سلێمانی

## هونەرمەندی گۆرانیبێژ – چیا ماملێ

# بەرهەم تاکو کەم بێت باشتر و سەرکەوتووترە و تاموچێژی زیاتر دەبێت



*** نۆبەرەی کارە هونەرییەکانت لە کوێوە دەست پێدەکات؟**

– نۆبەرەی کارە هونەرییەکانم دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵیم، واتە لە تەمەنی منداڵییەوە گۆرانی دەچڕم، لەو کاتەوە کە چاوم بەدنیا هەڵهێناوە لە بنەماڵەیەکی هونەر دۆست پەروەردە بووم، بە تایبەت لەگەڵ باوکم و چالاکی برام کە هەردووکمان لە یەک تەمەندا بووین، باوکم فێری دەکردین کە چۆن گۆرانی بڵێین و چۆن هەمیشە لە خزمەتی هونەری رەسەنی کوردی دابین..

*** ئەم سەردانەت لێرە لە شاری سلێمانی بە یەکجارەکییە، یا کاتییە؟**

– بێگومان ئەم سەردانەم بە یەکجارەکییە و بە نیازم لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بم، سەراپای کوردستانی باشوور بە شاری خۆم دەزانم دواتر سلێمانی بە شاری خۆم دەزانم.

*** ئاستی هونەری کوردی بە گشتی چۆن دەبینی؟**

– ئاستی هونەری کوردی بە گشتی بەرەو پێشکەوتن دەڕوات، بەڵام بەو مەرجەی کە نەهێڵین هونەری وڵاتانی بێگانە و دراوسێ نفوز بکات یان بەسەرماندا کاریگەری هەبێت، هەروەها دەبێت هەوڵی خۆمان بخەینە گەڕ لە پێناو ئەوەی کە زیاتر لە مۆسیقای رەسەنی کوردی، گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بهێنین.

*** پێتوایە بەرهەمی هونەریت کەمە؟**

– بە بڕوای من بەرهەم هەتاکو کەم بێت باشترە و جوانتر و تێرترە، چونکە زیاتر کاری لەگەڵدا دەکرێت و تاموچێژی زیاتر دەبێ و لە هەمانکاتیشدا بەرهەمەکە رێکوپێکتر دەبێت.

*** بە بەراورد لەگەڵ کوردستانی رۆژهەڵاتدا، لێرە ئاستی گۆرانی چڕین چۆن دەبێت؟**

– بە بڕوای من لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا هونەری گۆرانی چڕین بەرەو پێشکەوتن هەنگاوی ناوە و دەنێ، هۆیەکەشی ئەوەیە کە هونەر و مۆسیقا لە ئێرە زیاتر لە رووە بازرگانییەکەیدا خۆی دەبینێتەوە تاکو پێشکەوتنی کارە هونەرییەکەی.

*** چیت بە دیاری پێیە بۆ گوێگرانی هونەرمەند چیای ماملێ؟**

– دیاری من ئەوەیە کە بەم زووانە کلیپێک سازدەکەین لەسەر یەکێک لەم بەرهەمە تازەیەم کە یەکێک لە ئاوازەکانی باوکم بە نێوی (فاتمۆکێ).

*** ئەی دواپەیڤت چییە؟**

– دواپەیڤم ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بۆ یەکەم جار ئاوێتەی کاری هونەری دەبن بە گشتی و بە تایبەتی گۆرانیبێژی با زیاتر روو بکەنە گۆرانیی فۆلکلۆری رەسەنی گەلەکەمان لە هەمانکاتیشدا ئەم گۆرانییانە زیندوو بکەنەوەو گرنگییەکی ئەوتۆی پێبدرێت تا دەتوانن بە ساسیزە و کارە هونەرییەکانیان تۆمار بکەن.

دواتریش رێزو خۆشەویستی و سڵاومان بۆ بەڕێزت و گشت کارمەندانی گۆڤارەکەتان هەیە و ئومێدی سەرکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازم لەبەسەرکردنەوەی هونەرمەندان و گرنگیدان بە هونەری رەسەنی کوردی و ناساندنی بە دنیای رۆژنامەگەری.





# هونەرمەند حەمەعەلی خان

# مانگی نۆ بانگهێشت دەکرێم بۆ فیستیڤاڵی سەرایڤۆ لە بۆسنە

**بەهاوکاریی وەزارەتی رۆشنبیری فیلمی مریەم و جەنگ بەرهەم دێنم کە لە دەرهێنانی خۆم دەبێت، هونەرمەند (حەمە عەلی خان) ئەستێرەیەکی درەوشاوەی ئاسمانی هونەری کوردییە و هەمیشە بۆتە جێگای سەرنج لای بینەری کورد، دوای بەرجەستەکردنی بەکارەکتەری (ملازم موحسین) لە زنجیرەی گەردەلوول و گەڕانەوەی لە بەشداریکردنی فیستیڤاڵی ئەستەنبوڵ و بۆ زانینی پڕۆژەکانی ئایندەی، هەرێمی کوردستان ئەم دیمانەی لەگەڵدا سازکرد:**

**فۆتۆ و دیمانە/ ئاوات مەحمود سەعید - سلێمانی**

*** دواجار وەکو ملازم موحسین تۆمان بینییەوە ئەم کارەکتەرە چ یادەوەرییەک بوو بۆت؟**

- یادەوەریی خوێنڕشتن، زوڵم، شەڕەنگێزی.

*** مەرجەکانی تۆ بۆ بەشداریکردنت لە هەر کارێکی هونەریدا چییە؟**

- خوێندنەوەی دەق

*** زۆرێک پێیانوایە زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان کار ئاسانی دەکەن بۆ دروستکردنی ئەکتەر بۆ کاری سینەما، ئەمە بە بڕوای تۆ چەندە راستە؟**

- سینەما هونەرێکە دەبێ بە زانستی بخوێندرێت لەگەڵ تەلەڤزیۆن زۆر جیاوازە.

*** ئەگەر وەکو بینەرێک و هونەرمەندێک لێت بپرسین ئایا زنجیرەی تەلەڤزیۆنی گەردەلوول توانی گۆڕانکاری لە کاری زنجیرەدا بکات؟**

-گەردەلوول زنجیرە درامایەکی جەماوەرییە و خەڵکێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردەوە تەنانەت کوردستانی باکووریش پەرۆشبوون بۆی.

***لە هەرێمی کوردستان تا چەند تواندراوە کار بۆ سینەما بکرێت؟**

-هەنگاوەکان بەردەوامە، بەڵام بەکردنەوەی پەیمانگای سینەما لە شار و شارۆچکەکان بەرەو پێشتر دەڕۆین.

***بەمدواییە لە تورکیا لە فیستیڤاڵێکدا بەشداربوویت ئەگەر لەسەر ئەمە زیاتر زانیارییمان بدەیتێ؟**

-من دەبوایە بە فیلمی (Mymar lo-nond prando) بەشداری فیستیڤاڵی رۆتەردام بکەم لە هۆڵەندە، بەڵام لەبەرئەوەی پاسپۆرتی (G)م نەبوو نەمتوانی، دواتر کە پاسپۆرتم دەرهێنا بانگهێشت کرام بۆ فیستیڤاڵی ئەستەنبوڵ خۆشبەختانە بەشداریم کرد، دواتر مانگی "نۆ" بانگهێشت دەکرێم بۆ فیستیڤاڵی (سەرایڤۆ) لە بۆسنە و لەوێشەوە دەچمە فیستیڤاڵی نیویۆرک - خۆشبەختانە بە دوو فیلم بەشداری دەکەم (مارلۆن براندۆکەم) و (بۆنی سێو) کە یەکەمیان دەرهێنانی حسێن کارەبایە و دووەمیشیان دەرهێنانی رێڤین عەسافە.

*** دواکار و پڕۆژەی هونەریت بۆ داهاتوو چییە؟**

- دوای بەشداریکردن لە فیستیڤاڵی نیویۆرک خەریکی فیلمی (مریەم و جەنگ) دەبم کە کارێکی سینەماییە و لە نووسین و دەرهێنانی خۆم دەبێت بە بەشداریی کۆمپانیایەکی بریتانی و وەزارەتی رۆشنبیری.



أسماء الألوان / هونەر ٤٤٦ / الصفحة: ٥٤ / ٣/٦/٠٨ / 2:42 AM